# دیلی هەمیشەیی

(١)

کەدەستوورەکەتان ئیمزا کرد واتان زانی هەنگوینتان لەکلۆرەداردا دۆزیوەتەوەو لە کەناڵەکانی راگەیاندناندا دنیاتان پڕکرد، گوایە ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان و پێویستە دەنگی بۆ بدەن، ناحەقتان نیە ئێوە خەڵك بە مێگەل تێگەیشتوون،بێگومان هەرواشە،ئەگەر نەریتی مێگەلی نەبێت، ئاپۆرەی بەردەم سندووقەکانی دەنگدان یانی چی؟ زۆر باش لەوەش تێگەیشتین کە جەماوەری داخ لەدڵ لەبەر سەنگ و قورسایی کورد لەپەرلەمانی عێراقیدا دەنگی دا بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، واتە کێشە نەتەوایەتییەکە کە بریتی‌یە لەدەنگی کورد زاڵ بوو بەسەر سەرجەم باس و بابەت و کێشەکانی تردا، لەکاتێکدا کە دەستووری هەمیشەیی مۆر دەکەن ، دەنگی کورد کەبریتی‌یە لەمافی چارەی خۆنووسین، کە بریتی‌یە لە ئاوات و خۆزگەو خەونی چەندین ساڵەی گەلی کورد، ئالەو کاتەدا تەنازول بۆ شیعەو سونە دەکەن و مافی چارەی خۆنوسین نەك ناشخرێتە دیباجەو کەوانەو ئەگەرو بەڵامەوە، بەڵکو بەتەواوەتی تەسلیم دەبن و دەریدەهێنن، کەواتە ئەمە دەستووری هەمیشەیی نی‌یە، بەڵکو دیلی هەمیشەیی‌یە، دیلێك کەبەدەستی خۆمان رێگەکەی پاك دەکەینەوە، بەدەستی خۆمان ئەو رێگایە هەڵدەبژێرین کە ئەمانگەیەنێتە کوێرە رێی بیروڕاکانی موقتەدا سەدرو فەیلەقی بەدرو مەرجەع و پاشماوەکانی بەعس و زەرقاویەکان.

(٢)

پەرلەمانی کوردستان کە بەدرێژایی ئەم ١٣ ساڵە نەیزانیوە نەخێر یانی چی، هێشتا مرەکەبی رەشنووسی دەستوورەکە وشك نەبۆبووەوە، بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەر قبوڵکردنی دەستوورەکەدا، بەبێ‌ئەوەی دیراسەو پیاچوونەوەیەك، گفتوگۆو راگۆڕینەوەیەك رووبدات، ئاخر چۆن روودەدات کە ئەمانە فەرمانبەری حیزب بن و لە نازو نیعمەتدا بژین و لە هیچیان کەم نەبێت، ئاخر خۆ ئەمە لەوڵاتێکی تر بوایە نەك سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بەڵکو لیستێکی ناو پەرلەمان حەوت شەو و حەوت رۆژ نەدەخەوتن، تاوەکو خاڵ بەخاڵی برگەکانیان شی نەکردایەتەوەو لایەنە باش و خراپەکانیان بۆ رای گشتی و جەماوەری خۆیان دیاری نەکردایەو بڵاو نەکردایەتەوە، ئەمە چۆن پەرلەمانێکە؟ مەگەر لەمێژوودا ئەنجومەنە نیشتمانیە کارتۆنیەکەی حیزبی بەعس ئەوەندە مل کەچ و گوێڕایەڵ و بێدەنگ بووبێت.

(٣)

بزوتنەوەی ریفراندۆم ، لەژێر دروشمی بەڵێ بۆ ریفراندۆم لەماوەیەکی زۆر کورتدا یەك ملیۆن و حەوتسەد هەزار ئیمزای کۆکردەوە، لەکاتی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥/١/٣٠ دا لەودیوو سندوقەکانی دەنگدانەوە ئەوەندەی تر دەنگ و ئیمزایان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کۆکردەوە، کەچی لەدوای بڵاوکردنەوەی رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی نقەیان لەخۆیان بڕیوەو کەسێك نی‌یە لێیان بپرسێت ئەو دەنگانە چیان لێ بەسەر هات؟ ئایا ئەو هەموو دەنگ و ئیمزایەی کۆتان کردەوە سیناریۆو دەرهێنانی حیزب بوو؟ یان بەرهەمهێنانی گوتاری نەتەوەیی؟ چی لەو رۆژە ترسناکتر هەیە کە خەڵك بچێو لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ دا دەنگ بدات بەو دەستوورەی کە ئەمانکاتە دیلێکی هەمیشەیی و رابردوویەکی ناشرین و قێزەون بۆ ئایندەی نەوەکانی داهاتوو دەستەبەر ئەکەین، ئێوە لەکوێن؟ ئێوە کارتۆن و مقەبابوون یان مرۆڤ؟ ئێوە خاوەن هەڵوێست و روناکبیرو نوسەر بوون یان بێ هەڵوێست و جاش قەڵەم ؟

## پێ زانین

– کاك (رەوف رەباتی) .
– کاك (عەباس) برای شەهید (وریا)
– کاك (مجحەمەد عومەر عوسمان) ی شاعیر
– مامۆستا (حەمە رەشید)
– مامۆستا (حەسەن)

کە هەریەکە بەپێ ی توانای خۆی دەستی هاوکارییان بۆ رۆژنامەکە درێژکردووە ، زۆر سوپاسیان ئەکەین .

## بەیارمەتی خۆتان

**ئاکۆ مەجید**

لەسەر خۆ هاتەلام و بەروویەکی خۆشەوە وتی :
– کتێبێکی تازەم کردووە بە کوردی و لەوانەشە لەم ماوەیەدا بڵاو ببێتەوە،حەز ئەکەم بە دڵی خۆت لە سەری بنووسیت ،
– منیش بەسەر سووڕمانەوە وتم :
– بۆ ؟ چ پێویست ئەکات من لە سەری بنووسم.
ئەویش وتی :
– چونکە جاری پێشوو کە لەسەر خراپی کتێبەکەت نووسی و بەخراپترین وەرگێڕانت لەقەڵەم دا بە پێچەوانەی بۆ چوونەکانی تۆوە هەمووی فرۆشرا ، ئەو زۆر فرۆشی یەش بەڵگەی ئەوەیە تۆ هەڵەیت و من راستم و خەڵك لە کارەکەم رازیی یە .
منیش وتم :
– من بڵێم چی خەڵکی خۆیان قەناعەتیان بەبێ ئەقڵی خۆیان هەیە و (خراپ) بە (چاك) و (چاك) یش بە (خراپ) ئەزانێ ولاشی وایە لە خۆی راستر نی یە و نەبووە . جائەگەر خەڵکی ئێمە وەها (مێگەلێك) نەبوونایە و ئەوەندە شوێن نەزانی نەکەوتنایە هەڵبەت حاڵمان بەم حاڵە نەئەبوو . بەختی خۆت گەلێکی واکوێرت بووە بە تووشەوە و کاری خراپ وێرانت بۆ بە چاك حساب ئەکەن و وات لێ ئەکەن پاش ئەو خراپە کاریشە کە کردووتە وا خۆت بە رووسوور بزانی و بڵێ ی من ئەگەر راست نەبوومایە خەڵکی ئاوڕیان لە کارەکەم نەئەدایەوە لە کاتێکدا خۆت زۆر باش ئەزانی کە سەرتاپات هەڵە بوو .
ئەویش بە داماو یەکەوە وتی :
– گرنگ (زۆر ینە) یە من کە زۆرینەی خەڵك بەراستم بزانێ ئێوە هیچ نین .
منیش لەسەر خۆ پێم وتەوە :
– من لای خۆمەوە لە قسەی خۆم دڵنیام و باکم بە بیرورای خەڵکی نی یە بەڵام تۆ لەم ساتەدا لەو قسانەی خۆت بە گومانی چونکە ئەزانی وا نیت و خەڵکی کوێرانە بۆ مەسەلەکە چوون و تۆش بە هەڵەی خەڵکی راست نابیتەوە بەڵکو ئەگەر بەگوێ یان بکەیت ئەچیت بە ناخی قووڕە ڕەشدا ، هەر ئەو گومانەشە پاڵت پێوە ئەنێ داوای ئەوە بکەیت من ئەمجارەش لەسەر ئەو کتێبە تازەیەشت بنووسم تا جیاوازی خۆت لەگەڵ جاری پێشوودا بۆ دەرکەوێت و بزانێ چیت بە چی کردووە !.

## چاپکراوی نوێ



















بنووسە تێر بە لە راپۆرت نووسین
جەستەی ئەم و ئەو پڕ کە لەبرین
لەوەتەی تۆ هەیت راپۆرت ئە نووسی
ئەرێ تێر نەبووی لە رق و لە قین
**( ئەحمەد سەلام )**

نرخی تەنها (٥٠٠) دینارە | تەلەفۆن : ٣١٢٢٠٨١ | Halwest-1@yahoo.Com | نەخشەسازی / کۆمپیوتەری شاد | چاپخانەی دێکان